www.kurdistannet.org

# سمایل تەقەی خۆشی دەکا

حەمەسەعید حەسەن

خۆی خشۆکە کە سەری ببڕیت، دەفڕێت. ئەوە (قطار)ە. قافەکەی لا ببەیت، (طار) کە بە مانای فڕین دێت، دەمێنێتەوە. smile (سمایل)یش خۆی ئەوپەڕی دوو سانتیمەتر درێژ دەبێت، (s)ەکەی لا ببەیت، دەبێتە یەک میل: mile. سمایل ناوێک کە بالای قەڵەمەکەی هەر دوو سانتیمەتر بڵند دەبێت و خۆی پێی وایە لە میلیش بەرزترە، ناوبەناو قەڵەم دەکوتێت و بە فشەنووسین سمایل دێنێتە سەر لێوی خوێنەر. نووسین لای من بە پلەی یەکەم، گەمەکردنێکی ئەفسووناوییە بە وشە. هەر ئەم هۆکارەش بوو هانی دام، ئەو سمایل ناوە قەڵەموەشێنە، کە تەنیا لە کۆڵانەکەی خۆیاندا سێ چوار سمایلی لەو شاعیرتر هەیە، بەم پەرەگرافە بەسەر بکەمەوە.

*

دەنگۆی ئەوە هەیە بەم نزیکانە دوو ئیدارەکەی باشووری کوردستان یەک بگرنەوە. من کە تا ئێستا هیچ داخوازییەکم لە هیچ کام لەو دوو ئیدارەیە نەبووە، خوازیارم لە دوا ڕۆژی ئەم مانگەدا جاڕی یەکگرتنەوە بدەن. ئەم داخوازییەشم کە یەکەمین و دواهەمین داخوازیم دەبێت، تەنیا لەبەر ئەوەیە، ئێمەی کوردی هەندەرانیش بۆمان بلوێت لە شێوەی (تەقەی خۆشی )دا، هەستی خۆمان سەبارەت بەو بۆنە پیرۆزە دەربڕین. ئاخر ئێمەی هەندەراننشین تەنیا لە دوا شەوی ساڵدا، بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، بۆمان دەلوێت بیکەن بە تەقەی خۆشی. ئەگەر پدک و ینک، ئەم داخوازییەم ڕەچاو بکەن، ئەو شەوە کوردی هەندەران، لە خۆشیدا، هێندە (فیشەکەشێتە) بە ئاسمانەوە دەنێن، مەگەر ئەو دوو لایەنە بە درێژایی ساڵانی شەڕی نێوخۆ، هێندە (فیشەکەساغە)یان بە یەک ترەوە نابێت.

2003. 12. 11